# لینین و ڕێگای دیالەکتیکەکەی



ساڤاس مایکڵ ماتسەس

وەرگێڕانی

کارزان عەزیز

Translated to Kurdish by

Karzan Aziz

Savas Michael-Matsas

Lenin and the Path of Dialectics

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کۆمۆن

# لینین و ڕێگای دیالەکتیکەکەی

نوسین: ساڤاس مایکڵ ماتسەس

وەرگێڕان: کارزان عەزیز

ناوەندی کۆمۆن

Commune Centre

# یەک

تۆ دەبێت بەردەوامبیت، من ناتوانم بەردەوامبم، من لەمەودوا بەردەوامدەبم. ئەمانە دوا وشەکانی ساموێل بێکتە لە *"ناولێنەنراودا"*. هەروەها ئەمانە وشەی ئێمەشن. بەردەوامبین لە چی؟ چۆن بەردەوامبین؟ بڵاوبوونەوەی پیسکەیی کوێرکەر و مادیاتی حاکمان بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە، وادەکات ئەو بڕوایە دروست ببێت کە هیچ شتێکی ڕزگارکەر چیتر بوونی نییە؛ هەرچی ئەوەشی هەیە و ماوەتەوە، بۆ ئەبەد بەردەوامی بە وجوودە ڕیسوابووەکەی خۆی دەدات. کەواتە، ئەی بۆچی بەردەوامبین؟

وادەردەکەوێت کە کۆتایی سەدەی بیستەم بەهانەداری و تەبریری ئەو بنبەستەکە بکات، بۆ ئەوەی هەموو دەسکەوتێکی ئازادیی کە لە 1917ەوە بەدەستهاتووە، لەناو ببات، کە ئەمە ئاماژە و دەلالەتە بۆ لەناوبردنی تەواو. داڕوخانی ڕژێمە بەبیرۆکراتبووە پۆست-شۆڕشگێڕییەکان کە هەموو شتێکی دەستپێگەیشتوویان بە قێزەونترین شێوەکان لەپێناو شێواندن و خیانەتکردن لەو بنەما و پرەنسیپانەی کە لەسەری دامەزرابوون ئەنجامدا، هەروەها هەڕەشەکردن و خستنەمەترسی شاردنەوەی پێچەوانەی ستەمکارەکەیان لەژێر داروپەردوی خۆیاندا، کە ئەویش بریتیبوو لە پێشبینە شۆڕشگێڕییەکەی گۆشەنیگای کۆمۆنیستی. ئەمە نەزمی دونیای ئەمڕۆیە.

بەڵام هەرگیز پێشتر دونیا هێندە قەبیح و چەقبەستوو نەبووە. پێویستە بەردەوامبین. بەڵام لانی کەم ناتوانین لەم گۆشەنیگاوە بەردەوامبین. "ناتوانین تەحەمولی ئەم دونیایە بکەین کە چیتر ئیرادەی نکۆڵیکردنیمان تێدا نییە" ئەمەیە کابوسی نیهیلیزمی هاوچەرخ، وەک ئەوەی نیتچە پێیدەگوت "نیهیلیزمی دوا مرۆڤ". دوای سەدەیەک، ئەم نەخۆشییەی نیهیلیزم سنورە ئەوروپاییەکەی تێدەپەڕێنێت و دەبێتە نەخۆشییەکی گلۆباڵ. ئەمە کۆتایی میتافیزیک و هەموو سیستەم و ئایدۆلۆژیا و حیکاتێکی مەزنی شۆڕشەکان و کۆمۆنیزم ڕادەگەیەنێت، تەنانەت کۆتای مێژوو خۆشی. بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە و سەخیفانە، نەک وەک هاوشێوەکانی فۆکۆیاما و هاوەڵانی کە تەنانەت بەروار و ڕێکەوتی ڕوون و ئاشکرا وەکو کۆتایی بۆ مێژوو دەستنیشان دەکەن: 1989. ئەم مۆدێلە نوێیەی بڕواکردن بە ڕۆژی دوایی خۆی دەرخەری کۆتاییە بە بڕواکردن بە هەموو ڕۆژەکانیتری کۆتایی و قیامەت، دەستگرتن بە

هەڵە و چەوتییەکەیەوە و ڕەتکردنەوەی هەموو شتێکی ڕزگارکەر لە هەناوی ئەم ڕۆژانەدا. ڕووخانی هەموو دڵنیایی و یەقینێک بەشێوەی دۆگمایی، وەکو باڵاترین دڵنیایی لەقەڵەمدەدرێت. بازاڕیترین میتافیزیک بریتییە لەو میتافیزیکەی کە بەناوی بیرۆکەی کۆتایی هەموو میتافیزیکێکەوە سەریهەڵداوە.

بەلای ڕاست و چەپدا پەلەپەلی خستنەڕووی وەڵامن- ئەو وەڵامانەی کە دەمێکە و هەر لە پێشترەوە زانراون. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بزانین چۆن پرسیارە شیاوەکان بخەینەڕوو. با لینین وەک نموونە وەربگرین، یەکەمین شت فێری بین ئەمەیە: زیرەکانە و بەبێ بارگاوییبوون و پێشبڕیاردان، بەبێ کەوتنە داوی نموونەکانی پێشووەوە، وە بە تەرکیز خستنەسەر خودی بابەتەکە، لەپێناو چوونە نێو پانتایی دیالەکتیکی پرسیارکردندا، گەڕان بۆ دۆزینەوەی نوێترین و ئەشکەنجەدەرترینی ئەو پرسیارانەی کە تا ئێستا نەزانراون، ئەوانەی کە لە هەموو وەرچەرخانێکی مێژوویی و عەقڵیدا سەرهەڵدەدەن. لێرەدا، لە وەرچەرخانە مێژووییەکاندا، لەناو ئەو بۆشاییانەی لە پچڕان و دابڕانەکاندا دەکەونەوە لە بەردەوامیتی مێژوودا، دیالۆگە ناوەکییە ئازاردەرەکە دەبیسترێت: "دەبێت تۆ بەردەوامبیت، من ناتوانم بەردەوامبم، نا ئیتر بەردەوامدەبم".

## دوو

ئەم دیالۆگە ناوەکییە بووە هۆی هەژانی خودی لینین خۆی، نەک هەرگیز وەک پێشتر، لەو ڕۆژانەی ئەشکەنجەدان لە ساڵی 1914 کە زۆر لەم ڕۆژانەی ئەمڕۆ دەچن، کاتێک جەستەی ئەوروپا بەهۆی دوژمنایەتییەکان و تای نەتەوەییەوە پارچەپارچەبوبوو، کاتێک "جەنگە گەورەکە" لەنێوان هێزە گەورە ئیمپریالییە جیاوازەکاندا تەقییەوە، کاتێک ڕکابەرە مێژووییەکەی ئیمپریالیزم "بەرەی سۆسیالیستی" لەو کاتەدا خۆی وێراندەکرد. ئەو شۆکە بۆ لینین زۆر خراپبوو. کاتێک گوێبیستی ئەو هەواڵە بوو دەربارەی دەنگدان لەبەرژەوەندی بودجەی جەنگی قەیسەر لەلایەن ئێس پی دەبلیوەوە (پارتی کرێکارانی سۆسیالیست)ەوە، یان پشتگیری پلیخانۆف بۆ هاریکاریی جەنگی حکومەتی ساریست، کە هەروا بە سادەیی نەیدەتوانی بڕوای پێبهێنێت. هەرگیز لینین ئەو ئایکۆنە بێ سۆزە پۆڵایینە نەبوو وەک ئەوەی کە ستالینیستەکان وێنای دەکەن. ئەو شۆکە تایبەتمەندییە مرۆڤانە و هەر زۆر مرۆڤانەکەی دەخاتە ئارامییەوە. لەمەش زیاتر، بەبێ ئەم سەرەتایە، نکۆڵیکردنێکی بێ سوود

لەوەی کە واقیعییە، بەبێ چرکەساتی کاتییانەی بێهێزیی، بەبێ چرکەساتە زۆر خراپەکەی دانپێدانان بە نا موستەحیلیی بەردەوامێتی، لەکاتێکدا، ئێمە بەبێ چرکەساتی لاوازیی کاتییانە، بەبێ چرکەساتی نالەباری دانپێدانان بە ناموستەحیلی بەردەوامێتیدا، کاتێک لە هەمانکاتدا دەزانین پێویستە بەردەوامبین، ناشکرێت سوپاسگوزاری ئەو تەنگژە و پاڵنەرە زەرووررییە بین کە بۆ دەرچوون و بازدانە لەوەی کە دامەزرێنەری بەردەوامێتیی و نەوەستانە.

بێکێت حەقیقەت دەگێڕێتەوە. و لینینیش لە ڕێگە تایبەتەکەی خۆیەوە، بەر ئەم حەقیقەتە دەکەوێت. بەردەوامێتی بریتی نییە لە گەشەکردن و درێژکردنەوە و دووبارەکردنەوەی هەمان شت. بەڵکو ئەو دژیەکییەیە کە لەڕێگەی خۆ ئامادەکردن و گەشتن بە لوتکەدا ڕێگای خۆی بەرەو ئەو باڵایەتییە دەدۆزێتەوە کە دەیگەیەنێتە دژیەکێتییەکیتر و نوێ. بەردەوامێتی بەرهەمی زەرورییبوونی خۆیەتی هەروەها ناموستەحیلێتیش لە دامەزراندن و بونیاتنانیدا .

## سێ

دژیەکێتی بە شێوەی ئۆتۆماتیکی و نەرم ناگات بە ئەنجام و چارەسەر. سروشتە ئۆبێکتیڤییەکەی هەمیشە مەترسییەکی ڕاستەقینەی کارەسات دەخاتەڕوو. دژیەکیی لێکۆڵینەوە و تێگەیشتنی تایبەت لە لۆجیکەکەی دەخوازێت، وە لەوێوە ڕوونبوونەوەی ستراتیژی زاڵبوون بەشێوەی پراکتیکی بەسەر دژیەکیدا سەرهەڵدەدات. بە وردی ئا لێرەوەیە کە لینین بێ وێنە پەیوەستە بە ڕۆژگاری ئەمڕۆوە. لینین بەهۆی کاریگەریی شۆکی یەکەمەوە نەجووڵا، وە ئەو شۆکە نەیتوانی بیخاتە داوی هەڵەشەیی و خێرا بڕیاردانی سیاسی و دەرئەنجامگیرییەوە. بەڵکو لەجیاتی ئەمە ئاوڕی لەو پرسیارە سەرەکییانە دایەوە کە پێویستبوو بکرێن. هەندێک کات بە هەڵە لینین وەکو پراگماتیستێک دەبینرێت، نەدەکرا وەڵامی ئەو بۆ ئەمە لەمە زیاتر بێت. پاش ڕاگەیاندنی جەنگ و ڕووخانی ئینەرناسیۆنالی دووەم، لەکاتێکدا ئاگری بەرەکانی جەنگ خۆشتر دەبوون، لینین ڕۆچووبووە نێو خوێندنەوەیەکی سیستماتیکی فەلسەفییەوە، ڕوونترینیان تێژیانی بوو لەگەڵ زانستی لۆجیکی هێگڵدا لە کتێبخانەی بێرن لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی 1914 بۆ مەی 1915.

ئەوە پاش تەوابوونی ئەم سورە قووڵەی کاری فەلسەفیبوو، کە لینین دەستیدایە نوسین، لە نیوەی دووەمی مەیەوە بۆ نیوەی دووەمی جونی 1915، دەستیدایە *نامیلکەکەی "ڕووخانی ئینەناسیۆنالی دووەم"*و هەروەها دەستیکرد بە ڕوونکردنەوەی زیاتری شیکارکردنی ئیمپریالیزم. ئەم کارە گرنگانەبوون لەبەرامبەردا ئەو خوێندنەوە تیۆریی و پراکتیکییە گرنگانەیان بەدوای خۆیاندا هێنا کە سەرئەنجام گۆڕانکاریی ستراتیژییان لە تێزەکانی ئەپرلی 1917دا هێنایە کایەوە، *دەوڵەت و شۆڕشە* ئازادیخوازەکە، هەروەها دوا هێرشە فیزیکییەکەی سەر ونتە پالاس. بەڵام نابێت خاڵی جیابوونەوە و دەستپێکمان بیربچێت، ئامادەکاری بۆ "هەڵکوتانە سەر هێڤن" لە بێدەنگی نێو کتێبخانەی بێرنەوە دەستپێکرد، ئەو کاتەی کە لینین سەری بەسەر کتێبە کراوەکانی هێگڵەوە شۆڕکردبووەوە.

ئەو سەردەمی قەیرانە نوێیەی کە مرۆڤایەتی و بزوتنەوەی کرێکارە ئینتەرناسیۆناڵەکان تێیکەوتبوون دەرئەنجامی بەرپابوونی "جەنگە گەورەکە"بوو، کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئەرکە کۆمەڵایەتییە مادیی و عەقڵییەکانی هەڵوەشاندبووە و پاشان دروستیکردبووەوە. ئەو قەیرانە تەنها لە ستراکتۆری ئابوری بەرهەمهێنەردا سنوردار نەبوبوو؛ بەڵکو کۆی ئاستەکانی واقیعی گرتبووەوە. بوبوو بە قەیرانی شارستانیەت، هەروەها بوبوو بە قەیرانی سەرجەم فۆرمە ئۆبێکتیڤ و مێژووییە گەشەکردووەکانی ئاگایی کۆمەڵایەتی، هەروەها کۆی چەمگیرییە ئامادەکانی جیهان و هەموو فۆرم و ڕێگاکانی نواندنەوە. قەیرانێکی ئیپستمۆلۆژیبوو کە بە تەنها ئەو چینە خاوەن مافە تایبەت و ڕۆشنبیرانەی نەگرتبووەوە کە لەگەڵ چینە باڵاکاندابوون، بەڵکو چینە باوەکانیتریشی گرتبووەوە، کە یەکەمینیان بریتیبوو لە چینی کرێکار، هەروەها سەرکردایەتییە سیاسییەکە و ڕۆشنبیرە ئۆرگانیکەکانیش. دوا تەسلیمبوونی سۆسیال دیموکراسی بە سەرمایەداری و تەسلیمبوونی بە دەوڵەتی ئیمپریالیستی و ئامانجە جەنگییەکانی کە پێشتر لەڕێگەی قبوڵکردنی ئاسۆیەکی تیۆریی گونجێنراوەوە بە سنورەکانی خودی جیهانی سەرمایەداریی وەهمە فیتیشستییەکانیەوە، بە باشی ئامادەکاری بۆ کرابوو. تەنها میتۆدێکی تیۆریی کە بەرەنگاری سنورەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازی و جیهانبینی و پەلوپۆکانی بویەوە، توانی کۆی قەیرانە ئیپستیمۆلۆژییەکە باڵا بکاتەوە؛ و بە تەنها لێرەوەیە کە میتۆدێکی لەم شێوە دەتوانێت ناڕوونیی "ئاگایی قەیران" تێپەڕێنێت. هەروەها دەربڕینێکی ئاگامەندانە بدات بە بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار، هەستکردن بە جۆرێک لە ئاراستەی ڕاستەقینە بۆ پراکسیسێکی نوێی گۆڕانی شۆڕشگێڕیی. لەم گۆشەنیگایەوە، ئاوڕدانەوەی لینین لە پرسیارەکانی میتۆدی دیالەکتیک و ئیپستمۆلۆژیا وەک ئەوەی لە دەفتەرە فەلسەفییەکەیدا لە ساڵی 1914-1915دا

تۆمارکراوە، هەنگاوی چارەنوسسازی یەکەمی بۆ کۆی ستراتیژێک بۆ زاڵبوون بەسەر قەیرانی سەرکردایەتی چینی کرێکاریدا بنیاتنا کە تەقینەوەی هاوکاتبوو لەگەڵ سەرەتاکانی جەنگەکەدا.

## چوار

ڕووخانی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیال دیموکرات هەر لە سەرەوە تا خواری خوارەوەی بنەڕەتەکانی، ئەوەیدەرخست کە نەک تەنها شتێکی زۆر خراپی وێرانکەر لە سیاسەتە واقیعییەکەیدا ڕوویداوە، بەڵکو لە بنەڕەتە تیۆرییە-میتۆدۆلۆژییەکەشیدا ڕویداوە. ئەمە بووەهۆی خواستنی دووبارە تێبینیکردنەوەیەکی وردی گرنگی مارکسیزم بەپێچەوانەی چەمگیریی و تێگەیشتنی ڕەسمی مارکسیزم وەکو ئەوەی کە لەلایەن پۆپ و کاردیناڵ و پیاوانی ئایینی مارکسیزمی ئۆرسۆدۆکسییەوە بەدامەزراوەییکراوە، لەوانە کاوتسکی و پلیخانۆف. بەڵام دابڕانە ڕادیکاڵەکەی پێویستی بە هەنگاوێکیتر هەبوو بۆ پێشەوە. ئەمە نەدەگونجا لەگەڵ سەرلەنوێ خستنەڕووی پرسیار سەبارەت بە بنەڕەتەکانی مارکسیزم. زیاتر، پێویستی بە گەڕانێک هەبوو بۆ وەڵامێکی فەلسەفی بۆئەوەی بزانین خودی بنەڕەت بەشێوەیەکی واقیعی چی دەنوێنێت و مانای چییە.

مارکسیزمی ئۆرسۆدۆکسی ئینتەرناسیۆنالی دوو لەسەرو هەموو شتێکەوە ئەگەر بە ڕەتکردنەوەیەکی ڕوون و ڕاشکاو ڕەتنەکرێتەوە، ئەوا بە بێ باکی و ناپەیوەستێتی لە قەڵەم دەدرێت. لەسەرو هەموو شتێکەوە، ریشە دیالەکتیکییەکانی مارکسیزمی نێو دیالەکتیکی هێگڵ و تەنانەت خودی چەمکی دیالەکتیکیش بە هێگڵیی دەبینرا و بەمهۆیەوە پێویستە پاشماوە بێسود و زیانبەخشەکانی ڕەتبکرێنەوە. ئەمە بەتەنها پێگەی ڕیفیزیۆنیزمی بێرنشتاین و ئەوانە نییە کە بەشێوەیەکی ئاشکرا باوەش بۆ پۆزەتیڤیزم و کانتیانیزمی نوێ دەکەنەوە؛ ئەمە هاوشێوەی بیرۆکەی "پۆپی ئۆرسۆدۆکسی" خۆیبوو، کارل کاوتسکی بە زمانێکی ڕوون مارکسیزم بە دۆکترینێکی فەلسەفی لەقەڵەم نادات، بەڵکو بە زانستێکی ئیمپریسیستی وەکو تیگەشتنێکی تایبەت بۆ کۆمەڵگا دەیبینێت.

هەروەها پلیخانۆف بە پێچەوانەی کۆی تیۆریستەکانیتری نێو ئینتەرناسیۆنالی دووەم کە بایەخی بۆ فەلسەفە هەبوو، لەگەڵ ئەوەی کە زیاد لە هەزار پەڕەی سەبارەت بە فەلسەفە و دیالەکتیک نوسیوە، نەیتوانیوە ڕووکەشی فەلسەفە تێپەڕێنێت. وەکئەوەی خودی لینین خۆی دەڵێت: کاتێک دێینەسەر لۆجیکی هێگڵ وەکو دیالەکتیک، بەشێوەیەکی موتڵەق هیچ شتێک بەدیناکەین (274). لەسەر

ئەم بناغەیەبوو کە خراپەکانی (ئیڤڵ) دەقبەستنی دۆگماتیکی و هەلگەرایی و هەلپەرستێتیی بیرۆکراتی و تاکتیکە هەنووکە پاشگەزبووەکان، پەرستنی ئەو ڕاستییە بەدەستهاتووەی کە لە فۆرمی حەتمییەتی میکانیکی و ئابووریی و پەرەسەندنی هەنگاوبەهەنگاودایە.

لە شوێنی دیکە، لەکاتێکدا ئەوە ڕاستە کە مارکسیزمی نەمساوی، بەتایبەتی ئەوەی ماکس ئادلەر، قوڵبینییەکی هەبوو لە پەیوەندیی نێوان ڕیفۆرمگەرایی گەشەکردوو و ئەم ڕەفتارە دژە فەلسەفی و دژە دیالەکتیکەدا، هەروەها کاتێک هەوڵێکی بۆ دامەزراندنی هەڵوێستێکی ڕەخنەییانە دا دژ بە خراپتربوون بەهۆی گەڕانەوەیەکی فەلسەفی بۆ کانت، بەهەمان شێوە ئەم هەوڵە تەقریبەن بەتەواوی ئەو گۆڕانە گرنگەی تێپەڕاند کە لە هیگڵەوە بۆ مارکسە. گۆڕانی ئۆبێکتیڤیتەی کۆمەڵایەتی بۆ دۆخی فۆرماڵی ترانسێندەنتاڵی سیاسەت دژ بە ئۆبێکتیڤیزمی میکانیکی بێرنشتاین و کاوتسکی وەستایەوە. بەڵام تاکە دەرئەنجامی واقیعی ئەمە بریتیبوو لە لێکڵکردنی پەیوەندیی نێوان سوبێکت و ئۆبێکت، تیۆر و پراکتیک بە ڕێگایەکی-کانتی نوێ (نیۆ کانتی)، بەمهۆیەوە خۆی بە شێوەی سیاسی ئاراستەی چەقبەستێتی و ناوەنگەرایی، ئیفلیجبوون و لەکۆتاییشدا تەسلیمبوون بە ریفۆرمیزم (چاکسازی) کرد.

هەرچەندە ئەو ڕێگا یان باشتر بڵێین ڕێگا ستراتیژییە ئازاردەرەی کە لەلایەن لینینەوە کرایەوە و گیرایەبەر بەتەواوی جیاواز بوو. وەک ئەوەی کە پێشتر جەختمان لەسەری کردەوە، خۆی وەک پلیخانۆف لە دیاریکردنی ڕیشە و بنەڕەتەکانی مارکسیزمدا سنوردار نەکرد. لینین دووبارە ئەو پرسیارەی سەبارەت بە چییەتی بنەڕەت و کردەی بنیاتنەرانە خستەوە بەردەستمان.

ئایا بنەڕەت پرەنسیپێکی ستاتیک (وەستاو و نەگۆڕ) و ڕوون و پێشتر پێدراوە وەک ئەوەی کە بۆ تیۆریستەکانی ئینتەرناسیۆنالی دووەم وابوو؟ یان دەرئەنجامی دیالەکتیکێکی ترانسێندەنتاڵە؟ ئایا بەشێوەیەکی هەمیشەیی ستاتیکە یان بەشێوەیەکی دینامیکیانە قابیلی نوێبوونەوەیە؟ ئایا کاتگۆرییەکە وەکو لایەنی سێیەم لەنێوان ئۆبێکتی عەقڵ، "بنەڕەت وەکو کۆ، هەروەها سوبێکتی بیرکەرەوە، جیاکردنەوە نەک پێکەوەبەستنی ئۆبێکت و سوبێکت؟ یاخود ئایا ڕەنگدانەوەیە، خۆ-دزەکردنی بوون بۆناو خۆی، بۆ ئەو ناواخنترین خاڵەی کە دەکرێت لە هەر ساتێکی مێژوویی تایبەتدا پێیبگەین، تێپەڕین بەناو هەروەها باڵابوونەوەی ئەو سنورانەی کە هەر لەو کاتەوە بوونیان هەیە؟ ئایا بنەڕەت بریتییە لە کورتبوونەوە بۆ کۆتا شوناسێکی ئەبستراکت یان یەکێتی شوناس و جیاوازیی، حەقیقەتی ئەوەی کە جیاوازی و شوناس بەو شێوە دەردەکەون... جەوهەر بەشێوەیەکی ڕوون بە تۆتاڵتی

دادەنرێت؟ بەڵام، دەبیستم هەندێکتان تانە لەمە دەدەن، ئایا ئەمە زمانی هێگڵ نییە، ڕیسوایی هەموو ڕیسواییەکان!

لینین لە ساڵی 1914دا گەڕایەوە لای هێگڵ بۆئەوەی تەسلیمی سیستمەکەی نەبێت، و لەبەرامبەردا تەنانەت باڵای بکاتەوە، وەک ئەوەی لە وتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت، *بۆئەوەی هێگڵ بەشێوەیەکی ماتریالیستی ئاوەژوو بکاتەوە.* باڵابوونەوەی دیالەکتیکی هێگڵ لەسەر ڕەوتی ماتریالیستی یان پێچەوانە ماتریالیستییەکە بریتییە لە خۆ-دروستکرن و خوڵقاندن و کردەی بنیاتنەرانەی مارکسیزمیی. ئەمە کردەیەک نییە کە لەلایەن مارکسەوە بە تەنها جارێک و بۆ هەمیشە نوێنرابێت، بەڵکو سەدە و نێویک پێش ئێستا و لەلایەن لینینەوە لە ساڵی 1914دا ئەنجامدرایەوە. ئەوە پرۆسەیەکی کراوە و چالاک و هەمیشەییە تا ساتی بەدیهێنانی تەواوی فەلسەفە بۆ جیهانێکی گۆڕاو بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ دێتەدی. بنەڕەت یان بناغە هەمیشە لە قوڵاییەکانی ئێستادایە.

## پێنج

پاشان پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ هێگڵ بۆئەوەی لە ئەرکی پێچەوانە ماتریالیستییەکەی هێگڵ بەردەوامبین. بەڵام با لێرەدا سەبارەت بە شتێک ڕوون بین. ئەمە هیچ پەیوەندییەکی نییە بەو "گەڕانەوە بۆ ڕیشەکان" کە زۆر کات دووبارە دەبێتەوە، گەڕانەوە بۆ مارکس، وە تەنانەت گەڕانەوە بۆ لینین، وەکئەوەی کە بریتی بێت لە نەریتی پاکبوونەوەی پاکیزەیی سەرچاوەکان، ڕێکخستنێک بەوەی بوونی هەبوو پێش ئەوەی هەموو شتێک بەلاڕێدا ببرێت. لینین لە دەفتەرە فەلسەفییەکانیدا، بەبێ گەڕانەوە بۆ خاڵی دەستپێک، جیاوازی لەنێوان جووڵەی بێ دووبارەبوونەوە و جووڵەی دیالەکتیکیدا دەکات، "جووڵەیەک کە بە وردی لەگەڵ گەڕانەوەدایە بۆ خاڵی دەستپێک" (343). ئەو گەڕانەوەیە لەڕێگەی "شوناسی دژەکان"ەوە دەردەبڕدرێت نەک بە ڕێکخستنێکی سادە بە بارودۆخێکی سەرەتایی، نەک بە بنیاتنانی شوناسێکی ئەبستراکت لەگەڵیدا، بەبێ دژیەکی، نەک بەبێ ***status quo ante*** *(دۆخی پێشتر ئامادە یان دۆخی باڵادەستی پێشتر)* . گەڕانەوە بۆ یەکێتی دژەکان پرۆسەیەکە لەژێر هەندێک بارودۆخی تایبەتدا، کە تێیدا دژەکان "هاوشوناسن، دەگۆڕێن بۆ یەکتر" (109). وەک ئەوەی لینین سەبارەت بەمە تێبینی ئەوە دەکات، "هەمیشە جووڵەی عەقڵ بۆ جووڵەی ئۆبێکت دەتوانێت

بەشێوەیەکی دیالەکتیکانە بڕواتە پێشەوە". گەڕانەوە بۆ دواوە زەروورییە بۆ ئەوەی بازێکی باشتر بۆ پێشەوە بنێین. "دوو هێڵی چوونەوەیەک و جیابووەوە: ئەو بازنانەی کە بەریەکدەکەون. کە *Knottenpunkte* (خاڵی وەرچەرخان)= یەکسانە بە پراکسیسی مرۆیی و مێژوویی مرۆڤ" (277-78).

پاشان بەم واتایە، پراکسیس بریتییە لە "پێوەری ڕێکەوتی یەکێک لە لایەنە بێ کۆتاکانی واقیع"، پێوەری گەڕانەوە بۆ خاڵی دەستپێکی عەقڵ بە ئاستێکی باڵاتری جووڵەی لولپێچی. جۆرە گەڕانەوەی لەم شێوە بریتین لە *Knottenpunkte*، خاڵی وەرچەرخان، لادانەوەکانی لولپێچ و هەروەها یەکێتی دژیەکێتییەکان دەنوێنن، کاتێک بوون و نەبوون، وەک چرکەساتی ونبوو لە چرکەساتەکانی نێو جووڵەکەدا بۆ ساتێک بەریەکدەکەون (278). گەڕانەوەی لینین بۆ خاڵی دەستپێکی مارکسیزم- پێچەوانە ماتریالیستییەکەی هێگڵ- بە ئاستێکی نوێ، لە خاڵی نەودڵی ساڵی 1914دا ئەو یەکێتییەی دژیەکێتییەکان پێکدەهێنێت کە گەشەی ململانێکانی چین لەخۆدەگرێت و باڵای دەکاتەوە و هەروەها بە شێوەی تیۆر لە خاڵی دەستپێکی لولپێچەوە بۆ چەمانەوە (کێرڤ) نوێکەی دەڕوات.

لێرەوە، "گەڕانەوە" ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کە هاوڕێکەی هێگڵ لە ساڵانی خوێندکاربوونیانەوە، شاعیری مەزن و بیریاری گەورەی دیالەکتیکی هۆڵدەرلین، بایەخی بەوەدا کە پێیدەوت "پێچەوانەیەک بۆ دواوە بۆ زەمین و خاکی سەرەتا"، لە تێبینییەکانیدا دەربارەی تراژیدیاکانی سۆفۆکلس *ئۆدیب و ئەنتیگۆنا*. کاتێک هیچ شتێک ناتوانێت یەکسان ببێتەوە بە هەلومەرجە سەرەتاییەکە، ئەمە پیچەوانەیەکە کە لە پەیوەندیدایە بە هەموو وەرچەرخانێکی ڕادیکاڵی چرکەساتی مێژوویی. چونکە گەڕانەوە پێچەوانەکە بۆ خاکە ڕەسەنەکە و سەرەتاییەکە هەمیشە پێچەوانەی هەموو ڕێگاکانی نواندنەوە و هەموو فۆرمەکانە. گەڕانەوە بۆ خاڵی دەستپێکی مارکسیزم ئەوە دەخوازێت کە شۆڕش لە هەموو فۆرمە گەشەکردووەکانی مارکسیزمدا بکەین بەبێ ئەوەی ناوەڕۆکە حەقیقییەکە لەدەستبدەین لەم هەڵگیرسانی شۆڕشەدا. ئەمە تاکە خۆ-بنیاتنەرە داهێنەرانەکەیە، ڕێنیسانسە ڕاستەقینەکەیە.

## شەش

ڕێنیسانس نەک هاوتای دواکەوتوویی و بۆ دواگەڕانەوەیە، بەڵکو بە تەواوی پێچەوانەکەیەتی. لەم کەیسەی ئێمەدا هەرگیز ناتوانێت گەڕانەوەیەک بێت بۆ منداڵدان- کە بریتییە لە ئایدیالیزمی موتڵەقی هێگڵ.

سیستمەکەی هێگڵ سنورێک بنیاتدەنێت. وەک ئەوەی گادامار ئاماژەی پێدەکات، تەنانەت جیاوازترین و پێچەوانەترین بیریارەکان هەر لە مارکسەوە تاکو کیرکەگارد و بۆ هایدیگەر کۆکن لەسەر ئەوەی میراتی دوو هەزار ساڵە کە ڕەنگرێژکەری فەلسەفەی ڕۆژئاوایە لە سیستمەکەی هێگڵدا دەگاتە کۆتایی و هەروەها لە کەوتنە کتوپڕەکەشیدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا". ئەرکی ئێمە بریتیی نییە لە بنیاتنانەوەی ئەو بینایەی کە ڕووخاوە. بۆ هەردوو مارکس و لینینیش پێویستە ئەو پرسیارانەی کە دەخرێنەڕوو ئەم سنورە تێپەڕێنن کە لەلایەن هێگڵەوە کێشراوە. ئەنجامدانی ئەم ئەرکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە هێگڵ لە پەیوەندییەکی ڕادیکاڵی نوێ بە فەلسەفەوە لەگەڵ جیهاندا باڵابکەینەوە، لەوانە پەیوەندی تیۆر و پراکتیک، بە بەکارهێنانی دەربڕینەکەی مارکس لە تێبینییە ئامادەکارییەکەیدا دەربارەی فەلسەفەی ئیپیکۆرەس، لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانەدا کە فەلسەفە دەبێتە جیهان و جیهانیش دەبێتە فەلسەفە.

هێگڵ بۆ مارکسیزم هاوشێوەی دەریای سورە لە خاڵی جێهێشتندا لە سەرزەمینی کۆیلایەتییەوە. دەبێت پێیدا تێپەڕین، بەناو دەرچە و کرانەوەکەیدا کە دەرخەری بنیڕەقەکەی دەریاکەیە لە فۆرمە ماتریاڵییەکەیدا (هەڵگەڕاوە و ئاوەژووبوونە ماتریالیستییەکە)، کە شان بە شانی هەموو چەوساوەکان لە ڕێپێوان و خەباتە دەست لەناو دەستە درێژەکەی ئازادیدا پێکەوە هەنگاو دەنێت. هەمیشە کاتێک دەرچە و دەرگاکە پێکەوە لەگەڵ چەوسێنەرەکاندا دەست بە داخستن دەکات، ئەوا مەترسی نوقمبوون دێتە ئاراوە.

دەبێت ئایدیالیزمی موتڵەق لە هەناویەوە وێرانبکرێت، بەو ڕێگایەی کە لەلایەن لۆجیکی دیالەکتیکی هێگڵ خۆیەوە خراوەتەڕوو، بەڵام بە پاککردنەوەی لە ناڕوونییەکەی و هەروەها درێژکردنەوەی شیکارییەکانمان لەسەر بنەڕەتی ماتریالیستی. بەدڵنیاییەوە ئەمە ئەرکێکی هێندە گەورەیە کە تاکو ئێستا بەتەواوی جێبەجێنەکراوە. لینین درکی بە هەردوو گەورەیی و هەروەها تایبەتمەندییە

ناکامڵەکەی ئەرکەکە کردبوو: "لۆجیکی هێگڵ وەک ئەوەی کە هەیە ناتوانرێت پەیڕەوی لێبکرێت، ناتوانرێت وەک ئەوە وەربگیرێت کە هەیە. دوای ئەوەی لە *Ideenmystik* پاکدەکرێتەوە، پێویستە جیاوازییە بچوکە لۆجیکییەکانی (ئیپستمۆلۆژییەکانی) لە لۆجیکەکەی جیابکرێتەوە: کە هێشتان ئەرکێکی گەورەیە" (جەختکردنەوە لە دەقی ئەسڵییەوە ، 264).

## حەوت

لینین شانی دایە ژێر ئەم بەرپرسیارێتییە پشت شکێنە و هەرگیز دەستی لێهەڵنەگرت تاکو ساتی مردنی. خوێندنەوەیەکی ماتریالیستی هێگڵ وەکئەوەی لینین ئەنجامیدا ناکرێت کورتبکرێتەوە بۆ گۆڕینی سادەی زارەوەگەلی وەکو گێڕانەوەی مادە لە جوڵەدا یان پێچەوانەکەی. هەروەها نەک پێدانی ئەولەویەت بە ئاگایی یان دانانی سروشت لە شوێنە باڵادەستەکەدا کە لەلایەن ئایدیاوە داگیرکراوە. پێویستە هەڵگەڕانەوەی دیالەکتیکی هێگڵ یان گەڕانەوە بۆ خاڵی دەستپێکە ماتریالییەکە خۆی دیالەکتیکی بێت ئەویش لەڕێگەی یەکگرتنەوەی دژەکان و باڵابوونەوەیان بۆ یەکێتی نوێتری دژەکان. گەڕانەوە دیالەکتیکییەکە وەکئەوەی دەفتەرە فەلسەفییەکەی لینین بەڕوونی پیشانی دەدات، هەمیشە ئۆدیسەیە.

کاتێک دەفتەرە فەلسەفییەکان بەشێوەیەکی موتڵەق وەکو تێبینی نۆرماڵ لەبەرچاو ناگیرێت "کە لە سەرەتاوە ئەمانج لێیان بۆ بڵاوبوونەوە نەبوو، وەک هەمیشە بە تۆزێک زیاتر لە بەرهەمی کۆکراوەی گوتەزای جوودا و لەیەکتر دابڕاو دەبینرێن دەربارەی دیالەکتیک، ئەویش کاتێک هەر کەسێک بەشێوەیەکی جیاواز دەتوانێت شتێک بۆ خۆی هەڵبژێرێت و بیکات بە جلک و پۆشاکی گوتارەکەی. بەڵام بەڕاستی ئەمە بەشێوەیەکی تەواو گرنگیی دەفتەرەکان کەمدەنرخێنێت. پێویستە لەجیاتی ئەمە، دەفتەرە فەلسەفییەکانی 1914-15 ی لینین وەکو تۆتالیتییەکی تاقانە و ئۆرگانیک و گەشەسەندوو و کراوە بخوێنرێتەوە و دیراسە بکرێت. تەنها لەم ڕێگایەوە لۆجیکی توێژینەوەکەی لینین دەتوانێت، کردنەوەی گرێ لۆجیکییەکانی خوێندنەوەکانی، پەیوەندییە ناوەکییەکانی بیرکردنەوەی ڕوون بکاتەوە. دۆزینەوە ماتریالیستییەکەی "کیشوەرە ونبووەکەی هێگڵ" لینینی ناچارکرد کە لەناو ئەڵقەی بەیەکگەشتوو و جیابووەوەکاندا لە هەموو هەناسە مێژووییە فەلسەفییەکەدا بجوڵێتەوە بە

تەرکیزخستنەسەر هەندێک خاڵی گرنگی بەیەکگەشتن (*Knottenpunkte*) *وەک کارەکانی هێگڵ و هەروەها بەشدارییەکەی لیبینز لەمەدا، هەروەها لەسەر فەلسەفە کۆنەکە و بەتایبەتیش هیراکلیتەس و ئەرستۆ. کۆی ئەو هەوڵەی لینین بۆ هەڵگەڕانەوەی هێگڵ بەشێوەیەکی ماتریالیستی بەبێ لەبەرچاوگرتن و خوێندنەوەیەکی وردی ئەو بازنە و خاڵە بەیەکگەشتووانە توشی لێڵی و ناڕوونی دەبێت.* بەم هۆکارەوە، ئەوە بەتەواوی زەروورییە لێرەدا هەنگاو بنێین بۆ ئەوەی نەخشەیەکی کۆی گەڕان و گەشتەکەی دەفتەرە فەلسەفییەکانی لینینمان لەبەرچاو بێت.

## هەشت

لە سێپتەمبەری 1914، لینین دەستیکرد بە خوێندنەوەی زانستی لۆجیکی هێگڵ کە تا ئەو کاتەش هێشتا شارەزاییەکی لە هێگڵ نەبوو (سەرەڕای ئوستورە بەربڵاوەکە). هێگڵ هاوەڵی هەنگاوە سەرەتاییەکانی لینین بوو وەکو مارکسیستێکی شۆڕشگێڕ. *نادێژدا کروپسکایا* لە یادەوەرییەکانیدا دەنوسێت لینینی گەنج، کە لە مەنفادا بوو لە سوشینسکایە، دەستیکردبوو بە خوێندنەوەی هێگڵ بەتایبەتی *فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح*. لە ساڵی 1914 سەرنجی ڕاکێشرابوو و وە تەرکیزی خستبووە سەر کتێبە مەزنەکەی هێگڵ "*زانستی لۆجیک*". ئەمە ڕێکەوت نییە. وەکئەوەی لە دەفتەرەکانیدا تێبینی دەکات، ئیقتیباسی هێگڵ دەکات و کۆمێنتی لەسەر دەدات، "وەسفێکی سروشتیی-مێژوویی دیاردەی فکر" بەس نییە. هەروەها پێویستە هاوتایی هەبێت لەگەڵ حەقیقەتدا". لینین ئەوەش زیاد دەکات: "نەک سایکۆلۆژی، نەک فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح بەڵکو لۆجیک یەکسانە بە پرسیاری حەقیقەت" (175). کە پاشان بەردەوامدەبێت لە نووسینی پەراوێزەکاندا: "بەم چەمکگیرییە، لۆجیک لەگەڵ تیۆری زانیندا بەریەکدەکەون. ئەمە بەشێوەیەکی گشتیی پرسیارێکی زۆر گرنگە"؛ "یاسا گشتییەکانی جووڵە و جیهان و بیر" دەنوێنێت. بە باڵاکردنەوەی جودابوونە میتافیزیکییە توندەکەی ئۆنتۆلۆجی و لۆجیک و تیۆری زانین کە هێگڵ یەکەم کەس بوو لێیکۆڵییەوە، بەڵام لە بنەمایەکی ئایدیالیستییەوە، وە لینین هەوڵی ئەوە دەدات ئەم بنەڕەتە ئایدیالیستییە بە بنەمایەکی ماتریالیستی بگۆڕێت. دیالەکتیک وەکو لۆجیک و تیۆری زانینی مارکسیزم دەبێتە ئاسۆیەکی نوێی تیۆریی پاش کۆتایی میتافیزیک. لەلای هێگڵ و لینین، "لۆجیک بریتی نییە لە زانستی فۆرمە دەرەکییەکانی فکر، بەڵکو بریتییە لە یاساکانی گەشەکردنی ماتریاڵ و سروشت و شتە ڕۆحییەکان" بە مانای کۆی گەشەی ناوەڕۆکی کۆنکریتی جیهان و عەقڵی

جیهان، بڕی-تۆتاڵ یان گشت، کۆتایی و دەرئەنجامی مێژووی مەعریفەی جیهان" (جەختکردنەوە لەسەر دەقی ئەسڵی 92-93).

هێگڵ لە زانستی لۆجیکەکەیدا تونێلە تاریک و تەنگەبەرەکان بۆ دەرچوون لە زیندانی ئایدیالیستیی دەدۆزێتەوە، هەرچەندە بەدڵنیاییەوە خۆی شوێن دۆزینەکانی ناکەوێت. بەبێ باڵاکردنەوەی ئایدیالیزم، دەگاتە دوا سنور، ئەوەی کە ئایدیالیزمی موتڵەق لەودیویەوە خۆی نەفیدەکاتەوە و دەبێتە دژەکەی کە دیالەکتیکی ماتریالیستییە. لە کۆتا چاپتەری زانستی لۆجیکدا (هەروەها لە دوا پەرەگرافەکانی ئینسایکلۆپیدیادا 575-577) خودی لۆجیک خۆی لەو جێگەدا وندەبێت کە خۆی لەسەر بنیاتناوە: ئەوەی لۆجیکییە وەک یان بریتییە لە پەیوەندیی ناوەکیی یونیڤێرسالی نێوان سروشت و عەقڵ.

لینین ئەوە دەدۆزێتەوە کە دوا پەڕەی *لۆجیکە* مەزنەکە یەتەواوی لە (ماتریالیزمی دیالەکتیکی) نزیکدەبێتەوە. دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی: "بڕی تۆتاڵ، کە دوا وشە و جەوهەری لۆجیکەکەی هێگڵە، میتۆدی دیالەکتیکییە- بەڕاستی ئەمە جێگەی بایەخە. هەروەها شتێکیتر: لە ئایدیالیسترین ئەو کارانەی هێگڵدا، کەمترین ئایدیالیزم و زۆرترین ماتریالیزم هەیە. پێچەوانە، بەڵام ڕاستی. ئەم کتێبە بۆ ئەو مارکسییانەی کە پاش مارکس هاتن بە گرنگی مایەوە. بەڵام لینین مەحکەمترینیان بوو: "مەحاڵە بەبێ خوێندنەوە و تێگەشتنی کۆی لۆجیکی هێگڵ بتوانین لە سەرمایەی مارکس و بەتایبەتی چاپتەری یەکەمی سەرمایە تێبگەین"، هەروەها بە توند و تاڵییەوە دەڵێت: "سەرئەنجام، دوای نیو سەدە هیچ یەکێک لە ماکسیستەکان نەیانتوانی لە مارکس تێبگەن!!" (جەختکرنەوە لە دەقی ئەسڵی 180). هەمان شت پاش 135 ساڵ بە هەندێ جیاوازی و زۆر سەرکەشییەوە ڕوودەداتەوە. بەم مانایە، چۆن دەتوانین قسە لەسەر کۆتایی مارکسیزم بکەین؟ ئایا کام مارکسیزم کۆتایی هاتووە؟

## نۆ

لینین توانی خوێندنەوە ڕەخنەییە سیستیماتیکییەکەی زانستی لۆجیک (تەواوکاری بۆ کراوە لەڕێگەی هەندێک خوێندنەوەی پەیوەستی ئینسایکلۆپیدیاکەوە) لە ماوەی سێ مانگدا لە سێپتەمبەری 1914دا تەواو بکات. جێگەی ئاماژە بۆ کردنە هەندێک کاریتری لینین دەستپێکرد لەنێوان سێپتەمبەر و نۆڤەمبەری ساڵی 1914دا، ئەو کاتەی لینین لەناوەڕاستی دووەم لێکۆڵینەوەی گرنگیدا بوو بە ناوی

*جەوهەری زانستی لۆجیک*، بەهەمان شێوە توانی هەر لە ماوەدا خوێندنەوە و تێبینییەکانی لەسەر ئەو کتێبەی دەربارەی لیبینزە و لەلایەن فیورباخەوە نوسراوە، تەواو بکات. ئەم بایەخە تایبەتەی لینین کە دایبوو بە خوێندنەوەی لیبینز کەم تا زۆر بە تەواوی پشتگوێخراوە.

ئەم سەرنجە تایبەتەی لینین کە بە لیبینزیدا کەمتر یان زیاتر بەشێوەیەکی تەواو پشتگوێخرا. لە خاڵێکەوە لە ڕووکەشی بازنە سەرەکییەکەی خوێندنەوەی کارەکانی هیگڵەوە بازنەیەکیتری تەواوکاری دەکرێتەوە، بازنەیەک کە بە ئاراستەی پێچەوانەدا دەجوڵێتەوە، بە ئاراستەی دیالەکتیکی پێش هیگڵ، هەروەها دووبارە بە یەکگەشتنەوەی بازنەی سەرەکی خوێندنەوە هیگڵییەکان. ئەو ئارەزووەی کە دووبارە بۆ لیبینزە، گەڕانەوەیەک نییە بۆ لادانێکی بە ڕێکەوت کە لە هەلی خوێندنەوەی کتێبەکەی فیورباخەوە بەرهەمدێت. ئەو خاڵە سەرەکییانەی کە خوێندنەوەکەی لینین تێیدا چڕدەبێتەوە جەوهەریین بە نیسبەت زیاتر لەسەر وەستان لەسەر چەمکگیرییە دیالەکتیکییەکەی گەشەی مێژوویی سروشت و کۆمەڵگا کە دژ بە چەمکگیریی میکانیک ماتریالیزمی ئینتەرناسیۆنالی دوو دەوەستێتەوە.

بە تێبینیکردنی ئەوەی کە مارکس خۆی چۆن لیبینز دەنرخێێت، لینین جەخت لەو ڕاستییە دەکاتەوە کە بیریاری مۆنادۆلۆجی، تێڕوانینە دیکارتییەکەی بۆ مادە وەکو بارستەیەکی مردوو کە لە دەرەوەوە دەجوڵێنرێت، چیتر ئەو گرنگییەی نەماوە و تێپەڕێندراوە. بەدیدی لیبینز، جەوهەری جەستەدار "لەناوەوەیدا هێزێکی چالاکی هەیە، هێزێک کە بریتییە لە پرەنسیپێکی هەرگیز نەوەستاوی چالاکیی" (378). "ئیرگۆ، لینین دەنوسێت، "لینین لەڕێگەی تیۆلۆژیاوە گەشتە ئەو پرەنسپەی کە پەیوەندییەکی دانەبڕاو لەنێوان مادە و جوڵەدا هەیە (هەروەها یونیڤێرسال، موتڵەق)" (377).

بەبێ هیچ تەسلیمبوون و پاشەکشەیەک بۆ ئایدیالیزم و کلیریکالزم (بۆ تایبەتمەندییە لاساللییەکان) لەلای لیبینز لە جێگیربوون بۆ هێزی دەوڵەت، لینین لە فەلسەفەکەیدا قوڵبینییەک هەیە کە شیمانە و ئەگەرێک لە خۆدەگرێت بۆ قوڵبینییەکی قوڵتر و چۆنایەتیئاسا و دینامیکی مادە، ئەگەرێک کە دژ بە ماتریالیزمی میکانیکییە و نزیکترە لە دۆزینەوە هاوچەرخەکانی فیزیای نیوتنی-نوێ (380). ئەو دینامیزمە چۆنایەتییەی مادە لە جووڵەدا کە مارکس لە بەیکۆن و بەتایبەتیش لە جەیکوب بۆیم دا بەوردییش ئەوەی کە لینین لە لیبینزدا دەیبینێت. وەکو وتە بەناوبانگە لینینییەکە دەڵێت "ئایدیالیزمی زیرەکانە و هۆشیار هەمیشە لە ماتریالیزمی هۆشیارەوە نزیکترە تاکو ماتریالیزمی گەمژە و بازاڕیی" (274).

## دە

ئەوە لەم خاڵەدایە کە پێویستە لادانێکیتر لە خوێندنەوە فەلسەفە لینینەکەدا بەدیبکرێت. لەو خاڵە وەرچەرخانەدا کە خوێندنەوە مەزنەکەی لۆجیکەکە لە ساڵی 1914دا تەواو دەکات و هەروەها دەستدەدەکات بە خوێندنەوەی مێژووی فەلسەفەی هێگڵ و پاشانیش فەلسەفەی مێژووەکەی، بەدەربرپرینێکیتر، کاتێک لینین بەتەواوی ڕۆشتبووە پێشەوە و لەناوەڕاستی ئۆقیانوسەکەی هێگڵدا بە ئاراستەی خۆی مەلەی دەکرد، خەریکی نوسینەوە و پاراستنی تیبینییەکانی بوو لەو دەقە هەمەجۆرانەی کە پەیوەستبوون بە شۆرشەوە لە زانستە سروشتیی و بایۆلۆجییەکاندا. ئەم خوێندنەوە زانستییە سروشتییانە لەناوەڕاستی خوێندنەوە هێگڵییەکانیدا، ئەوە دەردەخەن کە هەرگیز لینین ئەو هێڵی گەڕان و توێژینەوەیەی بەرنەدا کە پاش ساڵی 1908 بەدواوە سەبارەت بە ماتریالیزم و ڕەخنەگەراییە-ئیمپریۆکەی پەیوەست بە شۆڕش لە زانستە سروشتییەکاندا هاتن، لەنێویدا تێکشکانی وێنە کلاسیکییەی زانستی سروشتیی بۆ جیهان و هەروەها کارپێکراوە فەلسەفییەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەیەک نێوان ماتریالیزم و ئایدیالیزمدا.

بەدڵنیاییەوە دەفتەرە فەلسەفییەکانی ساڵی 1914-1915ی لینین بازدانێگی گرنگ و چۆنایەتیی گەورە لە بیرکردنەوەی فەلسەفی لینیندا پیشاندەدات. هەرچەندە، لە نێوبەندی نابەردەوامێتییەکەدا، ئاستێک لە بەردەوامێتی لە جەنگە فلسەفییە پێشترەکانیدا و بەتایبەتیش لەوەی کە لە ساڵی 1908دا دژ بە میکانیزم بوو، دەبینرێت. ئەو بیرۆکە زۆرجار دووبارەبووەوەی کە جۆرێک لە دابڕان لەنێوان لینینی دیالەکتیکیی 1914دا و لینینێکی ماتریالیستی میکانیکیی ساڵی 1908دا (بە نموونە ئەوەی لەلایەن رایا دونایاڤسکی و قوتابخانەی پراکسیسی یوگسلاڤی و مایکڵ لەوەییەوە خرایەڕوو)، بەهەڵەدانراوە. ئەو ڕاستییەی کە ستالینیزم ماتریالیزم و ڕەخنەگەرایی-ئیمپریۆی بۆ گوتەی بازاڕیی کورتکردەوە مانای بەهانەدارکردن و پاساوهێنانەوە نییە بۆ لەبیرکردنی ماتریالیزم. ئەوە ئی ڤی ئیلینیکۆڤ، گەور فەیلەسوفی سۆڤێتیی دژە ستالین بوو، بۆ یەکەمجار خوێندنەوەیەکی نوێی ناکۆنفۆرمسیتی و ڕێگا شکێنی لەگەڵ ئەو کتێبە سانسۆرکراوەیدا پێشکەشکرد کە پاش مردنی بڵاوکرایەوە "دیالەکتیکی لینین و میتافیزیکی پۆزەتیڤیزم" (بە زمانی ڕوسی لە ساڵی 1980دا بڵاوبوویەوە و پاش دوو ساڵیش بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدرا). جۆرە شیکاریی و خوێندنەوەیەکی

بیر-وروژێنی لەم شێوەیە شایەنی دووبارە گەڕاندنەوەی بەها ئۆبێکتیڤییەکەی کارە سەرەتاییەکەی لینینە.

## یانزە

لە ماوەی پێنج مانگی ساڵی 1915دا، لینین ڕووی بەرەو ئاراستەیەکی دیکە لە زانستی لۆجیکەکە دەگۆڕێت، بەڕوونی دوور لەو ئاراستەیە، بەڵام ئەم جارە نەک وەک پێشتر بەڵکو قوڵتر ڕۆشتە نێو لۆجیکەکەوە: ئاراستەکەی بەرەو دیالەکتیکی کۆنی یۆنان گرتەبەر. پێچەوانە ماتریالیستییەکەی دیالەکتیکی سپیکیولەتیڤانە یان تێرامانئاسا، گەڕانەوە بۆ خاڵی دەستپێکەکەی گەڕانەوەیەک بۆ خاکی ڕەسەن و سەرەتا دەخوازێت و لەخۆدەگرێت کە ئەویش بریتییە لە *پۆلسی* یۆنان.

سەرەتا، لینین لە ساڵی 1915دا و لە ماوەی خوێندنەوەکانیدا بۆ مێژووی فەلسەفەی هێگڵ، بەتایبەتی چڕبوونەوەی لەسەر ئەو چاپتەرەی کە پەیوەستە بە فەلسەفەی کۆنی یۆنانەوە. بەخێرایی فەلسەفەی مێژووی هێگڵ جێدەهێڵێت چونکە وەکئەوەی خۆی دەینوسێت، "ئەوە لەم بوارەدایە، لەم زانستەدایە مارکس و ئەنگلز بازێکی گەورە بۆ پێشەوە دەهاون" (312). پاشان لە کتێبەکەی لاسالەوە دەربارەی ڕابەری دیالەکتیکی لۆنیانی، دەستی بە خوێندنەوەی هیراکلیتەس کرد. لە کۆتاییدا، درککردن بەو تەنگژە و ناکۆکییانەی لەنێوان ئایدیا و فیکری هیراکلیتەس و ئەرستۆدا هەبووە، لینین بەوریاییەوە شاکارەکەی ئەرستۆ دەخوێنێتەوە. لێرەدایە، ئەو کەوانە گەورەی کە سەرەتا بەهۆی خوێندنەوەی زانستی لۆجیکەوە کرایەوە، لە کۆتاییدا دادەخرێت. پاش تەواوکردنی خوێندنەوەی میتافیزیکی ئەرستۆیە لینین دەستدەکات بە نوسنینەوەی کورتەی دەرئەنجامی وێڵیی و گەشتە فەلسەفییەکانی، وتارە کورت، بەڵام تابڵێی چڕەکەی، "دەربارەی پرسیاری دیالەکتیک".

سوپاس بۆ یۆنانی کۆن، ئەوەی لینین دووبارە دەیدۆزێتەوە، تازەییەتی ئەو دیالەکتیکەیە کە ونبوبوو، جەختگیرییە ڕەسەنەکەی چەمکەکانی، "ساویلکەیی، قوڵێتی، قۆناغە نەوەستاوەکان" (342)ی جوڵەکانی. لینین بەدوای دانسقەییدا ناگەڕێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی مۆدێرنیتە. بەپێچەوانەوە، لینین دەڵێت ئەوەی پیویستە لە یونانییەکانەوە فێربین، بریتییە لە مۆدێلەکانی چوارچێوەدارکردنی پرسیارەکان، وەکئەوەی سیستەمی کاتیین، بۆچوونی نارێک و ناکۆکی ساویلکەن کە بە پلەی ئیمتیاز لەلای ئەرستۆ ڕەنگدەداتەوە" (جەختکردنەوە لە دەقی ئەسڵیی، 367). لەو کاتانەی کە لەژێر فشاردایین،

کاتێک هەموو شتێک ئاڵۆسکاویی و شپرزەیی دەوروژێنێت بەڵام نەک پاڵنەری سەرسوڕمان، دیالەکتیکییەکان پرسیارکردنی ساویلکانەمان دەربارەی هەموو شتێک فێردەکەن، هونەری سەرسامبوون کاتێک ڕووبەڕووی گەردوونی سروشتیی مێژوویی دەبینەوە.

لینین بەتایبەتی هێرشدەکاتە سەر سکۆلاستیزم و کلیریکالیزم چونکە "ئەوەی لە ئەرستۆدا دەرهێنا کە مردبوو، نەک ئەوەی کە زیندوبوو؛ پرسیارەکان، گەڕانەکان، مەتەڵەکان، ئەوانەی کە مرۆڤ ڕێگای خۆی لەنێویاندا ونکرد" (جەختکردنەوە لە دەقی ئەسڵی، 366). پاشان بەردەوامدەبێت لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئەرستۆ لە کوێدا و چۆن لە مەتەڵەکەدا وندەبێت: "لەلای ئەرستۆ، لۆجیکی ئۆبێکتیڤ لە هەموو جێگەیەکدا و لەگەڵ لۆجیکی سوبێکتیڤدا تێکەڵ بووە، هەروەها لەمەش زیاتر، بەو جۆرەی کە لۆجیکی ئۆبێکتیڤ لە هەموو شوێنێکدا بینراوە. هیچ گومانێک لە ئۆبێکتبوونی عەقڵ نییە" (جەختکردنەوە لە دەقی ئەسڵی، 366). دواتر، کۆمێنتدان لەسەر بەشەکانی 1040بی-1041ئەی لە میتافیزیکەکەیدا، ئەوەش زیاد دەکات: "بەدڵخۆشییەوە! هیچ گومانێک سەبارەت بە واقیعیەتی جیهانی دەرەوە بوونی نییە.

مرۆڤەکە دەکەوێتە نێو گێژاوی عەقڵییەوە بەتایبەتی لەسەر دیالەکتیکی گشت و بەش، هەروەها چەمک و هەست، جەوهەر و فینۆمینە، هتد" (367). بە دیدی لینین، لۆجیکی ئەرستۆ ئۆرگانۆنێکی بەبەردبوو نییە، بەڵکو "وێڵبوون و ئیستفسارە، گەڕانە، هەوڵێکە بەرەو لۆجیکی هێگڵ کە "لە هەموو جێگەو قۆناغێکدا پرسیاری دیالەکتیک سەرهەڵدەداتەوە" (جەختکردنەوە لە دەقی ئەسڵی، 366).

شۆڕشگێرە ڕوسییەکە گەشە بە جۆرە ڕکابەرێکی کۆن و دیالەکتیکی هێگڵ دەدات. دوا ئامانجی هێگڵ لە گەڕانەوەیدا بۆ فەلسەفەی کۆن بە شێوەیەکی تایبەتی بریتییە لە هەڵگەڕاوە ماتریالیستییە هێگڵییەکە و هەروەها دەستەبەرکردنی منداڵدانێکی نوێ بۆ خۆ-بەرهەمهێنی مارکسیزم. لینینش هەمان ڕێگا لە خوێندنەوەی کتێبەکەی لاسال سەبارەت بە هیراکلیتەس دەگرێتەبەر. لینین لەم کتێبەدا تەنها سەرچاوەی ماتریاڵی زۆر بەبایەخ لە باوکی دیالەکتیکی کۆنەوە نادۆزێتەوە کە بە ئیستاشەوە ناتوانین پێی بگەین، بەڵکو هەروەها ئەو نموونە باڵا ئیمتییازەی کە چۆن بتوانین خۆ لە دووبارە خوێندنەوەی هێگڵ بەدوور بگرین، دووبارە داڕشتنەوە بەردەوامەکەی کارە ئایدیالیستییە ئەڵمانییەکان بەبێ ئەوەی هیچ هەوڵێک لە تێپەڕینی خودی ئەم کارانەدا بەدی بکرێت. دەرئەنجامە سیاسی کەیسەکەی لاسال

بەئایدیالیزەکردنی دەوڵەت بوو، ملکەچکردنبوو بۆ دەسەڵاتەکانی دەوڵەت، ڤێرژنی "دەوڵەتە سۆسیالیستە" یان لەوانەشە "دژە-سۆسیالیزمە" بێ-ناوبانگەکەی لاسال.

جیاوازیی گەورەی هەڵوێست لەسەر پرسیارە ناوەکییە-پەیوەستدارەکانی دیالەکتیکی هێگڵیی و دەوڵەت یان دۆخی نێوان مارکس و لاسال بە نیسبەت لینینەوە بە ئەندازەیەکی زۆر گرنگە وەکئەوەی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بە گرنگ دەزانێت لە بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ پلیخانۆف و ئینتەرناسیۆنالی دووەمدا. لەلایەکەوە، باڵابوونەوەیەکی ماتریالیستییانەی دیالەکتیکی تێڕامانئاسا (سپێکیولەتڤ) و سۆسیالیزم بەهۆی لاوازبوونی دەوڵەتەوە دێتەئاراوە؛ لەلاکەی تریشەوە کە دەکاتە لا پێچەوانەکەی، دیالەکتیک وەکو لۆجیک و تیۆری زانین، هەروەها ملکەچیی بۆ دەوڵەت بە ناوی سۆسیالیزمەوە، نادیدە دەگیرێت.

## دوانزە

لینین ئەو کۆسپ و بەربەستە دەڕوخێنێت کە لەلایەن لاسالەوە هەڵبەستراوە، پاشان لە ژێرەوە ئەو کانزا بەنرخە نێژراوە دەدۆزێتەوە کە بریتییە لە لۆگۆسی هیراکلیتەس، هەروەها لە فراگمێنتە گرنگەکەی هیراکلیتەسەوە 30، "پیشاندانە زۆر گرنگەکەی بنەماکانی ماتریالیزمی دیالەکتیک دەبینێت" (347):

(جیهان، کوتلەیەک لە دەرەوەی هەموو شتێک، نە لەلایەن خوداکانەوە نە لەلایەن مرڤەوە دروستنەکراوە، بەڵکو هەمیشە ئاگرێگی زیندوو بووە، هەیە و دەبێت، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک هەم گڕدەگرێت و هەم دەشکوژێتەوە).

جۆش و خرۆشە گەورەکەی لینین لە فراگمێنتی 30دا (کە دووجار ئیقیباسی دەکات) (344 و 347) دەکرێت بەشێوەیەکی ڕوون لێیتێبگەین ئەگەر ئەوەمان لە خەیاڵ بێت کە دەربڕ و قوڵترکەرەوەی ئەو ئایدیا بنەڕەتییەیەتی لە خوێندنەوەکەی پێشتریدا سەبارەت بە مێژووی فەلسەفەی هێگڵ: پێویستێتی بەیەکگەشتنەوەی "پرەنسیپی یونیڤێرسالی یەکێتیی جیهان و سروشت و جوڵە و مادە و هتد." لەگەڵ پرەنسیپی یونیڤێرسالی گەشەسەندن" (254). ئەمە ئەو پرەنسیپی گەشەسەندنە

نییە وەکئەوەی لەسەدەکانی نۆزدە و بیستدا تێگەشتبوون و بەشێوەیەکی گشتیی پەسەندکرابوو کە لە فۆرمێکی رووکەشیدا وەرگیرابوو نەک وەک بابەتێکی بیرلێکراوە و ڕێکەوت و رێککەوتنی بچووکی بۆرژوازیی... دەتوانرێت ڕێککەوتنێکی لەم جۆرە ڕامبکرێت و حەقیقەت بازاڕیی بکاتەوە". نەک وەکئەوەی کە گەشەسەندن بریتیی بێت لە گەشەیەکی سادەی یونیڤێرسالّ و ئەبەدیی، گەورەکردن". لەجیاتی ئەمە، ئەوە پرەنسسیپی گەشەسەندنە کە تەرکیز دەخاتەسەر "سەرهەڵدان و لەناوچوونی هەموو شتێک، وەک گۆڕانی دوولایەنە" (جەختکردنەوە لەسەر دەقی ئەسڵی، 253-54)، وەک ئاگرێکی زیندووی ئەبەدیی.

لێرەدا دەتوانین جەوهەری دابڕانی ماتریالیزمەکە لەگەڵ تیۆری پەرەسەندنگەرایی چەند سەدەی ڕابردوودا دەستنیشان بکەین، ئەو دابڕانەی کە لەگەڵ فیتیشیزمی ریفۆرمیستیدا لە گەشەیەکی بەرەبەرەی ئەبەدیدایە.

## سیانزە

دوور لەو تێبینییە هەڕەمەکییانەی کە یاداشتکراون، دەفتەرە فەلسەفییەکان وەکو گشتێک هەردوو میتۆدی لێکۆڵینەوە و میتۆدی خستنەڕوو بەیەکدەگەیەنێت بەگوێرەی ئەو جیاوازییەی کە لەلایەن مارکسەوە کراوە. لێکۆینەوەکە بەشێوەیەکی میتۆدیی، ماتریالە زەبەندە فەلسەفییەکە دەخاتە نێو خۆیەوە و داگیری دەکات، فۆرمە جیاوازەکانی گەشەسەندنی شیکاردەکات، هەروەها پەیوەستییە ناوەکییەکانیان دەدۆزێتەوە. ناوبەناو، لینین سەنتێز یان ڕوونکردنەوەی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەخاتەڕوو. پیشاندانی ئەم سێ ڕوونکردنەوە یان سەنتێزەی لێگۆڵینەوەکەی بە سودی ڕاکێشانی سەرنجماندا دەشکێتەوە لێرەدا:

ئەی) توخمەکانی دیالەکتیک (220-22) بە نزیکی لە کۆتایی دەرئەنجامگیریی زانستی لۆجیکەکەی هێگڵ؛

بی) پلانی دیالەکتیکی هێگڵ (لۆجیک) (315-18)؛ هەروەها لەسەرو هەموویەوە،

سی) وتارەکەی "دەربارەی پرسیاری دیالەکتیک" (357-61).

میتۆدی ڕوونکردنەوەکەی پشت بە زەروورەتی خاڵی دەستپێک دەبەستێت. بەشێوەی یەک لە دوای یەک هاتنی ڕیزبەندئاسا:

ئەی) "بەهەندوەرگرتنی ئۆبێکتیڤانە" لە توخمەکانی دیالەکتیکدا؛

بی) "(بوونی) ئەبستراکت" لە پلانی دیالەکتیکی هیگڵدا؛ هەروەها

سی) "پچڕان و لێجیابوونەوەی گشتێکی تاقانە" لە وتاری "دەربارەی پرسیاری دیالەکتیک".

ئەوە لە دەقی کۆتاییدایە کە دۆزینەوەکانی لێکۆڵینەوەکە بەشێوەیکی تەواو دەکرێن بە سەنتێز و دابڕانە تیۆرییە ڕادیکاڵەکە لە ئینتەرناسیۆنالی دووەمی مارکسیزمی ئۆرسۆدۆکسی دەستپێدەکات. بەرەوپێشچوونەکەی لینین بۆ دیالەکتیک هیچ تۆتاڵیتییەکی داخراوی وەکو خاڵی دەستپێک نییە بەڵکو وەکو "لێکپچڕانی گشتێکی تاقانە" و هەروەها دۆزینەوەی مەیل و ئاراستە دژیەکەکانی. تەنها لەڕێگەی ئەم دزەکردنەوە بۆناو ناواخنی ئۆبێکت، دووەم (لێکپچڕانی گشتێکی تاقانە) وەکو تۆتاڵیتییەکی کراوە ئاشکرا دەبێت. بەشێوەیەکی سادە گەشەسەندن بریتیی نییە لە "زیادبوون و کەمبوون" کە بەهۆی سەرچاوەیەکی دەرەکیی جوڵەوە بەرهەمدێت. پێچەوانەکەی، ئەو یەکێتییەی دژیەکەکان کە لە هەناویدایە، لە ململانێ ناوەکییەکەیدا، هێزی پاڵنەری خۆ-بزوێن.

بەکورتی، دیالەکتیک بریتی نییە لە دەستەیەک نموونەی فێرکەرانە، بەڵکو بریتییە لە دۆزینەوەی "نوێ". بەدەربڕینێکیتر، بریتییە لە "تیۆری زانینی (هیگڵ و) مارکس". ئەمە "جەوهەری مادەیە کە پلیخانۆف ،بەبێ قسەکردن لە مارکسیستەکانیتر، نەیتوانی هیچ سەرنجێکی بداتێ" (جەختکردنەوە لەسەر دەقی ئەسڵی، 360). لینین دژ بە دیالەکتیکێکە بۆ خودگەرایی و گومانگەرایی و سۆفستایی و هەروەها بنیاتنەری کاتیگۆرییە گرنگە دیالەکتیکییەکانە: ڕێژەیی/موتڵەق، تاک/یونیڤێرساڵ، لۆجیکیی/مێژوویی. لەکاتێکدا کە لینین دەرخەری ڕیشە ئیپستمۆلۆژییە پراکتیکییەکانی ڕکابەرەکانێتی لە ململانێی چیندا، لینین بەودری پارێزگاری لە تایبەتێتی فەلسەفە دەکات. بۆ لینین، نەک وەک دابڕانی بەش لە گشت و گۆڕینی ڕێژەیی بۆ موتڵەق، بۆ شلۆقی و بشێوی ئاراستە دەبێت، لەو شوێنەی کە خۆی پەنا داوە بەهۆی بەرژەوەندییەکانی چینی فەرمانڕەواوە" (جەختکردنەوە لە دەقی ئەسڵی، 361).

## چواردە

هەرگیز لینین دۆزینەوە گرنگەکانی خۆی بە جۆرێکی تازەی حەقیقەتی موتڵەق نەگۆڕییەوە. لە دەفتەرە فەلسەفییەکانیدا، نەخشەی سێ پرۆگرامی لێکۆڵینەوە بۆ گەشەی زیاتری دیالەکتیک دەکێشێت.

سەرەتا، "پێویستە بەردەوامێتیدان بە هێگڵ و مارکس ڕوونکردنەوەی گەشەی دیالەکتیکیانەی مێژووی فکر و زانست و تەکنیکی مرۆڤ لەخۆبگرێت. (جەختکردنەوە لە دەقی ئەسڵی، 147). دووەم، پێویستە بایەخی زیاتر بە ڕوونکردنەوەی *سەرمایەی* مارکس بدەین (317). هەروەها سێیەم، کۆمەڵێک بواری زانین هەیە کە پێویستە تیۆری زانین و دیالەکتیکیان لێوە بنیات بنێین"، مێژووی فەلسەفە، یۆنانییەکان، مێژووی زانستە جیاوازەکان، مێژووی گەشەی عەقڵیی، مێژووی گەشەی منداڵ، مێژووی گەشەی ئاژەڵان، دەروونناسی، زانستی دەمارکارئەندامزانیی، هەروەها لێکۆڵینەوە لە زمان (351).

## پانزە

پاش نەوەد و دوو ساڵ، ئەم پرۆگرامانەی لێکۆڵینەوە، لە بەشی سەرەکییدا، بەبێ بەدیهێنان و ڕیالیزەبوون ماونەتەوە. لینین خۆی لە مەی ساڵی 1915دا دەستی لەم پرۆگرامانە هەڵنەگرت. دیالەکتیک ڕەنگڕێژی هەموو کارە تیۆریی و پراکتیکییەکانی دەکات تاکو شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917 و ئەولاتریش، تاکو کۆتا خەباتە دراماتیکییەکانی دژی ئەو بیرۆکراسییەتەی کە لە سەرهەڵدانداندا بوولە دۆخی کرێکارانی پەرتەوازە و تێکشکاوی پێشدا لە پێش ساتی مردنیدا. دواکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە ڕۆژئاوا و خیانەتەکانی سۆسیال دیموکراسی دەوڵەتی سۆڤیەتی لاوی لە دەستی بیرۆکراسییەتێکدا جێهێشت کە دواتر بۆ شێرەنجەیەکی وەحشی گەشەی کرد.

ئاوابوونی شۆڕش بووە هۆی ئاوابوونی زانستی شۆڕش، دیالەکتیک. سۆسیال دیموکراسی دەمێکبوو دیالەکتیکی ڕەتکردبووەوە؛ ستالینیزم دیالەکتیکی لاقە کرد، ستالین ئەرکی پاسەوانی و بەرگریکردنی حوکمی بیرۆکراتیکی بە دیالەکتیکدا لەژێر ناوی "دیامات"دا کە بریتی بوو لە ئامێر و مەکینەیەکی بێسەرەوبەرەی پەشیمانیی و تەنانەت یاسای نەفی نەفیی لە دیالەکتیکەکەی ستالیندا

قەدەغە کرا! کە لەنێو بەلشەفیکەکاندا کەمینەیەک ئەو ئازایەتییەی تێدابوو دژی ئەو یاسایە (ڕەتکردنەوەی دیالەکتیک) بووەستێتەوە. دیارترین جیاکاریی لەمەدا بریتی بوو لە لیۆن ترۆتسکی، ئەو کەسەی کە، لەو مەنفایەدا خۆی بەسەر خۆیدا سەپاندبووی، تا ئەو کاتەش بە پێداگرییەوە بانگی زەروورەتی گەڕانەوەی هەڵدەدا بۆ خوێندنەوەیەکی ماتریالیستییانەی هێگڵ.

ئەگەر ئەم بابەتانە بخەینەوە سەر مێزی گفتووگۆی هاوچەرخەوە، ئەوەی دەبێتە ترسناکترین بریتییە لەوەی کە چۆن ڕووخانی ستالینیزم دەبێتە مەترسی لەسەر ناشتنی هەموو شەرعیەتی مارکسیزم لەژێر داروپەردوی خۆیدا، لەسەرو هەمووشیەوە، میتۆدە دیالەکتیکییەکەی. لە سەردەمی ئێستاماندا و تەقینەوەی هەموو دژیەکییەکان هیچ شتێک هێندەی ئەو بۆچوونە باوە شەرمهێنەر نییە بەسەر چەپەوە کە بانگەشەی ئەوە دەکات سۆسیال دیموکراسی بە تێگشەیشتن و ڕوونێتییەوە تا ڕادەیەک پەرەسەندن و گەشەسەندنی بەرەبەر و هێمنانەی دامەزراوە و جێگیربووە!، لە سەردەمی تەقینەوە هەژێنەرەکاندا و پچڕان و دابڕانە یەکلاکەرەوەکاندا کە دەستنیشانکەری جیهانی دوای جەنگی ساردە.

دیالەکتیک کە " لێکۆڵینەوەی ناکۆکیی لە هەناوی هەموو ئۆبێکت و مادەکاندا" (251-52) بریتییە لە ڕێگای پێویست بۆ دەرچوون لە "ئاگایی ئەزمە"ی ناڕوونی ئەمڕۆ بەرەو ئاگایی مێژوویی و هەروەها زۆر چالاکی ڕەخنەیی-پراکتیکی لەپێناو گۆڕینی جیهاندا پێویستە. لەوانەیە زیاتر لە هەر شتێکیتر، دیالەکتیک بریتی بێت لە لێکۆڵینەوە لە گۆڕان لە شتێکی جەوهەرییەوە بۆ شتێکی جەوهەریی تر (وەرچەرخان). جگە لەوەش یان بەبێ دیالەکتیک، هیچ تیۆرێکی سەردەمی هاوشیوەی ئەمەی ئێمە بوونی نییە، تیۆرێک کە لەسەرو هەموو شتێکەوە مێژوو دەگۆڕێت و وەرچەرخێنەرە، ئەوەشی لەسەرو هەموویەوە سەردەمەکە پێیەتی، تیۆرێکە کە پەیوەندییەکی لەگەڵ گۆڕینی جیهاندا نییە و بە هیچ شێوەیەک ناچێتەوە سەر باس و لێکۆڵینەوەی قەیران. ئەگەر بمانەوێت لەو گۆڕانە مێژوویییە بلۆککراو و بنبەستکراوەی کە تێیدا دەژین قوتارمان بێت و دەچین، تەنها دەتوانین لەڕێگەی باڵاکردنەوە و تێپەڕانێکی شۆڕشگێڕانەی ئەو بنبەست و داخرانە ڕزگارمان بێت. دەبێت جارێکیتر ئۆدیسە دەست پێبکاتەوە، بەڵام نابێت لەو جۆرەی ئۆدیسەی بێرنشتاین و هاوەڵانی بێت؛ ئۆدیسەیەکی بێ سەرکەشی ئەم جیهانە هیچ نییە، ئەگەر بریتی بێت لە بزووتنەوەیەکی بێ زیکزاک و مەترسی و کارەسات و دۆزینەوەی سەرسوڕهێنەر، هەروەها ئامانجی سۆسیالیزم، ئیسەکاکەمان (ماڵە ئەستوورییەکەی یولەسیس) "هیچ شتێک نییە". "لە نزیک ڕووبارەکانی بابلەوە دانیشتین و گریاین".

بەڵام نابێت هەرگیز ئۆرشەلیممان بیربچێت، ئیسەکا، یان ئەو ئامانجەی کە جەوهەری ڕاستەقینەی گەڕانەکانمانە: کۆمەڵگایەکی جیهانی بێ چین، کۆمۆنیزم. پێویستە بەردەوامبین، ناتوانین وەک پێشتر بەردەوامبین. بەڵام ئیتر بەردەوام دەبین.

# لینین

# و

# ڕێگای دیالەکتیکەکەی

ناوەندی کۆمۆن
سۆشیالیزم
Commune Centre
Socialism
https://www.nawandikomon.com
https://www.facebook.com/profile.php?id=100017518120058 ناوەندی کۆمۆن
Email: nawandikomon@gmail.com